# پلەی سفری جەدەل

**سیروان عەبدول**

جەدەلی فیکریی هەر ئەو کاتە لە پلەی سفردا نییە کاتێک بەرامبەرەکەت خۆی نادات بەدەستەوە بۆ بردنەپێشەوەی گۆڕینەوەیەکی بونیادنەرانەی [constructive] بیروڕا بەدەوری ئیختیلافێکدا؛ بەڵکو ئەو کاتەش کە بەرامبەرەکەت ئەگەرچی بەگەرموگوڕییەکیشەوە، بەڵام بەعەقڵییەتی (دۆڕان/بەزاندن)ەوە دێتە جەدەلەوە و، لەپێناوی وەڵامدانەوەدا، زۆرجار بێئەوەی خۆی بزانێت دەچێت لە ئاقارێکدا تەواو دوور لە بابەتە ئەسڵییەکەوە ئارگیومێنت دەکات و، زۆرجاریش تا پلەی سەد پەنا دەباتە بەر خۆبەهەڵەدابردن [explain away] لەئاست کرۆکی ئەسڵیی مەسەلەکە و ئارگیومێنتەکانی بەرمبەردا، ئەو کاتەش هەر دیسان کۆمۆنیکەیشنێکی فیعلیی و حەقیقی دروست نابێت و، ئیتر جەدەلیش بەپەیوەندییەکی پێچەوانە لەگەڵ ئەو پلەسەدییەی خۆلێبەهەڵەبردنەدا، دەچێتە پلەی سفرەوە.

ئەم پلەی سفری جەدەلە سیمایەکی زەقی گوتاری ڕۆشنبیریی ئەم سەردەمەی ئێمەیە و، ئەم خۆنەبەستنەوەیە بە کرۆکی باس و بە ئارگیومێنتەکانی بەرامبەرەوە خوویەکی بەرچاوی بەشی هەرە گەورەی ڕۆشنبیرانی ناو ئەم ڕۆشنبیرییەیە. لای برێک لەبەر ئەوەی زوو داوەکانیان لەدەست دەئاڵۆسکێ و بەئاسانیی ناتوانن شیتەڵی بکەنەوە، ئەم پرۆسەیە چالاکانە *لەکاردایە*؛ وە لای برێکی تر بۆ ئەوەی داوەکان بئاڵۆسکێنن تا خوێنەر بەئاسانیی نەتوانێت شیتەڵی بکاتەوە، ئەم پرۆسەیە چالاکانە *لەبەکاربردندایە*. ئەوەش بڵێین کە زۆربەی زۆری حاڵەتەکان تێکەڵەیەک و کۆمبینەیشنێکن لە هەردوو ئەو دوو پرۆسەیە. ئەوەی جیاوازییە ئەوەیە کە لای هەندێک بەپلەیەکی زیاتر *سەردەرنەکەریی*ەکە هۆکاری ئەوەیە کە کۆمەنیکەیشنی فیعلیی تەگەرەی تێبکەوێت و، لای هەندێکیش تێکەڵکردنی بەئەنقەستی وەرەقەکان.

سەردەرنەکەریی چەند کێشەیەکی گەورەشە بەڵام ئەوەی کە نییەتێکی سەرلێشێواندنی خوێنەری لەپشتەوە نییە دەکرێت شەفاعەتێک بێت بۆی، بەڵام ئەوەی کە غەرەزێکی ئەهریمەنانەی وات لەدڵدا بێت کرۆکی ئەسڵیی بابەتەکە و تەرەفی بەرامبەری جەدەلەکە و کۆی خوێنەریش بەدوای خۆتدا بەلاڕێدا بەریت، ئەمە ئیتر هیچ شەفاعەتێکی بۆ نییە. لەگەڵ حاڵەتی یەکەمدا ناچار دەبیت دوای بەرامبەرەکەت بکەویت و دەستی بگری و کێشی بکەیتەوە سەر کرۆکی ئەسڵیی مەسەلەکە، بەڵام لەگەڵ حاڵەتی دووەمدا ناچار دەبیت دەستبەرداری تاوتوێکردنی بیروڕاکان بەدەوری کرۆکی ئەسڵیی مەسەلەکەدا ببیت و بکەویتە وێزەی کەشفکردنی دەستەکەی کەسی بەرامبەر. لەهەردوو ئەم حاڵەتەدا

جەدەل بەمانای جەدەل نامێنێت و بەناچاریی کارەکەت دەبێتە کارێکی "مێتاجەدەل"[1]. بەمانەیەکی تر، لەجیاتی ئەوەی جەدەل بکەیت و ئیحتیکاک و تەفاعولێکی فیعلیی و حەقیقیی لەنێوان بیروڕای تۆ و بیروڕای تەرەفی ناکۆکدا دروستبێت، ناچار دەبیت بە زمانی مێتاجەدەل بێیتە گۆ و لەسەر ئەوە قسە بکەیت کە ئەو "کورتهێنان"انانە و ئەو "یاری"یانە چین کە تەرەفێک تووشیان بووە/پەنای بۆ بردوون و بوونەتە/کردوونیەتیە تەگەرە لەسەر ڕێی جەدەلەکەدا.

گەر وردبینەوە دەبینین ساڵان و ساڵانێکە بەشی گەورەی ئەو جەدەلانەی لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەڕێوەدەچن، مێتاجەدەلن و لە کەم شوێن دەبینیتەوە جەدەلی فیکریی بەفیعلیی دەستپێکردبێت. ئەمە ئەو جوغزە بەرتەسکەیە کە ڕۆشنبیریی کوردیی تیا گیری خواردووە و هەناسەبڕ بووە تیایدا. گەر دیققەت بدەن، ئێمە ئەوەندەی ووزەمان بە مێتاجەدەلەوە سەرفدەبێت، ئەوەندە بەجەدەلێکی حەقیقی و بە ئیحتیکاکێکی فیعلیی نێوان فیکر و بیروڕاکانەوە سەرفنابێت.

وەنەبێ ئێمە لێرەدا هەر تەنها باسی ئەو سیاقانە بکەین کە تیادا دوو تەرەفی ناکۆک هەن و باسێک بە وەڵام و وەڵامکاریی لەنێوانیاندا دێت و دەچێت، بەڵکو باسی ئەو "حیرە"یەش دەکەین کە ڕەخنەگرێک تووشی دەبێت کاتێک دەیەوێت خۆی لە قەرەی باسێکی "فیکریی" نووسراو (یان وتراو) بدات و خوێندنەوەیەک بۆ ڕووە لاواز یان نادروستەکانی بکات. تۆ وەک ڕەخنەگرێک گەر دەقێکی "ناهۆمۆگێن"ت لەبەردەستدا بێت کە بێسەروبەر چەندین تێزی "لە کەمێک قووڵایی زیاتردا" ناکۆکبەیەک، و "لەڕووکەشدا" بە سەفسەتە لێکهەڵپێکراوی لەناو خۆیدا کۆکردبێتەوە، هیچ ڕێگایەکی تری لێنزیکبوونەوە [approach]ت لەو دەقە، بەغەیری لێنزیکبوونەوەیەکی مێتاجەدەلییانە، لەبەردەستدا نامێنێتەوە. تۆ باسی چی بۆ کەسێک دەکەیت کە دێت و بۆ نموونە ("*عەقڵانیزم*" وەک ڕوانگەیەکی ئەپستمۆلۆجیی دیاریکراوی ناو سیاقی مێژووی فەلسەفە و، "*عەقڵانییەت*" وەک شێوازێکی دیاریکراوی هەرکاتەی دەستبردن بۆ وەڵامدانەوە [to reflect on] بە پرسیارگەلێک لەمەڕ باشە و خراپە یان خێر و شەڕ) لێک جیا ناکاتەوە؟ ... ئارگیومێنتی چی دەکەیت گەر بەرامبەرەکەت ("*مۆراڵ*" وەک خوێندنەوەیەکی وەسفکەرانە [descriptive] بۆ ئەخلاقی باو و، "*ئێتیک*" وەک دیسپلینێکی زانستیی بۆ هەڵوێستگیریی ئەخلاقیانە [normative]) تێکەڵ دەکات و هەرجارەی لەسەرزەمینی یەکێکیانەوە ئارگیومێنتت بۆ دەکات؟ ... دەقێکی 'هوللامیی'ت دەخاتە بەردەست کە نە سەری هەیە و نە بەر و هەر برگەیەی لە ئاوازێک دەخوێنێت؛ چەنان تێزت بە فۆرمی ئیدیعا بەڵام بە نرخی بەدیهیات بەسەرا ساغدەکاتەوە ... چی دەکەیت لە تێزێک گەر *ماف* و *ئەخلاق* لێدەکاتە دوو تەرەفی نەقیز و "وەرگرتنی مافی فەردیی" و "وەرگرتنی ماف بەفەردیی"ت بۆ تێکەڵدەکات و دەیانکاتە یەک مەوزووع و بە یەکەمیان ڕەوایی دەداتە دووەمیان؟ ... چی دەکەیت گەر خوێندنەوەیەکی تەعەسوفیی بەسەر تێزەکانی

---

[1]. "مێتاجەدەل" بەو مانایە دێت کە تۆ ئیتر جەدەل لەسەر میحوەری ئەسڵیی باسەکە و بەدەوری خاڵی خیلافەکەدا ناکەیت، بەڵکو دەچیتە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە و دەکەویتە باسی ئەوەی کە پرەنسیپەکانی جەدەل چین و ئەو خەلەلانە چین کە لەو سیاقەدا ڕێگایان لە دەستپێکردنی جەدەل گرتووە. نموونەیەکی ڕۆشنتری کاری "مێتا" ڕەنگە گرامەری زمان بێت. لە گرامەری هەر زمانێکی دیاریکراودا تۆ بە "مێتازمان" باسی خودی زمانەکە دەکەیت و باس لەوە دەکەیت کە ئەو زمانە چۆن کار دەکات (یان کار ناکات)، نەک ئەوەی بەفیعلیی کاری پێبکەیت.

تۆدا فەرز دەكات و ناتۆرەی "ئەخلاقدۆستیی و پاكژپەرستیی"یان بەسەردا دەسەپێنێت، بە غەیری ئەوەی پێی بڵێت: "ئەوەندە بەموجەڕەدیی خۆت مەبەستە بە تەنها سیمانتیكی زاراوەكانەوە و ئەنجامگیرییان لەسەر ڕیز بكەیت، بەڵكو تۆزێكیش وردببەرەوە بزانە ئەو زاراوەیە بۆ وەسفی ئەو حاڵەتە فیعلییە دەگونجێت یان نا"؟ ... لەئاست دەقێكدا چی دەكەیت گەر پرواوپڕ بێت لە ئیددیعای كورتوكوێر و نەسەلمێنراو و لە موبالەغاتی كوێركەرانە؟ ... چی موناقەشەیەكی تر دەكەیت گەر بەرامبەرەكەت هات و ووتی : *"كوشتن و سەربڕینی ڕۆژانەی ژنان، پەرچەكردارێكی ئەخلاقی توند"ی خەڵكە دژ بە گەندەڵیی دەسەڵات*، بەغەیری ئەوەی لەبەرامبەر تەرحێكی وادا قاقا پێبكەنیت؟ ... چی ترت پێدەكرێت لەئاست دەقێكدا گەر بۆ نموونە دێت و پێتدەڵێت: *"گەورەترین دوژمنانی ڕیفۆرم ئەوانە نین كە ئەنتی ڕیفۆرمن، بەڵكو ئەوانەن كە وشەی ڕیفۆرم بە هەڵە بەكاردەهێنن*"، بە غەیری ئەوەی پێی بڵێیت: "چی!؟ ئەم موبالەغە بێتام و بێمەعنایە چییە؟"؟ ... چی تر دەتوانیت بە كەسێك بڵێیت گەر بڵێت: *"دەسەڵات ئەو هێزە نییە كە ماف زەوتدەكات، بەڵكو ئەو هێزەیە كە مافی تۆ زەوت دەكات و منیش بەو زەوتكردنە خۆشحاڵ و ڕازیدەكات. مافی من زەوتدەكات و تۆش بەو زەوتكردنە خۆشحاڵ دەكات"*، بە غەیری ئەوەی پێی بڵێیت: "ئەوە چۆن؟ ئایا ئەمە تەنها زەخرەفەی ئەفكار نییە بەناوی فیكرەوە؟"؟ ... چی تر پێویستە بكرێت گەر كەسێك بێت و بنووسێت: *ئەوەی لە ڕەخنەكردنیدا بۆ دەسەڵات و كۆمەڵگا جەختی لەسەر ئەسڵی بەها و ئەخلاقیاتە "هەڵوێستێكی نەهلستیی و عەدەمیی دەرهەق بە مرۆڤ و ژیان هەیە"*، بە غەیری ئەوەی پێی بڵێیت: "خووی قسەبەباكردن و ئیتیهامبەخشینەوە یان تێنەگەیشتن لە مەفهومی فەلسەفیی *نیهلستییەت* نەبێت، چی شتێكی تر تەحلیلی ئەم تەناقوزە فیكرییە دەكات؟"؟ و ... زۆری تری لەم بابەتە.

سەیرێك بكەن هەموو ئەو وەڵامانەی كەسێك لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا ناچار دەبێت بیانداتەوە، هەموو لە بۆتەی مێتاجەدەلدان و دەبێت لەدەرەوەی باسە حەقیقییەكە بوەستێت و بەردەوام خەریكی ئەوە بێت بەرامبەرەكەت بێنێتەوە سەر خەت. ئەم "حیرە"یە و ئەم هەستكردن بە عەبەسەیە ڕەخنەگر دەست دەبەستێتەوە و خولقی هاتنەقسەی لێدەستێنێتەوە. هەر ئەم مێتاجەدەلە گەرموگوڕەشە وای كردووە ڕۆشنبیریی كوردیی تا ئێستا، سەرەڕای ئەو نەهامەتییە گەورانەی دەسەڵات و هێزە ڕەشەكانی ئەو ناوچەیەی ئێمە بەسەر خەڵكی كورددا هێناویانە، یەكێك لە "بێوەی"ترین ڕۆشنبیرییەكان بێت لەئاست ئەو كەڵەگاییەی دەسەڵات و لەئاست ئاكاری فاشیستانەی هێزە ڕەشەكانی ناو كۆمەڵگادا.

گەر فیكر و ڕۆشنبیریی كوردیی تائێستاش بە هەزارویەك تاكتیك لە كەوتنەوەی جەدەل خۆی دەدزێتەوە و ناچارت دەكات بە مێتاجەدەل كێشی بكەیتەوە پای جەدەل و ئینجاش هەر خۆی تەسلیم بە جەدەل و گۆڕینەوەی بیروڕا ناكات و خولقی نییە تۆزێك ئەكادیمییانە لەبابەتێكی فیكریی نزیك بێتەوە، ئەوە مەنتیقییە تەوەقوع بكەین كە لەپاڵ ئەوەوەی كە دەڵێین ڕەخنەگری باش و جیددیمان نییە، ڕەنگە چەندین ڕەخنەگری زیندووی "خولقچوو"مان لێرە و لەوێ هەبێت كە خولقی بێنەوبەردەی مێتاجەدەلیان نییە یان نەماوە. ئاخر كاركردنی "مێتاجەدەلییانە" بێئەندازە سەختتر و هیلاككەرترە لە

خودی جەدەلکردن و لێکدانەوەی تێزە فیکرییەکان. لەجەدەلێکی حەقیقییدا کە بەدەوری بابەتێکی دیارییکراودا بکرێت، میحوەری/میحوەرەکانی باسەکە، ئەو خاڵەی/خاڵانەی کە ئیختیلافیان لەسەرە و، پاکانەی تەرەفەکان بۆ ئەو هەڵوێستگیرییە دیارییکراوەی خۆیان کە داکۆکیی لێدەکەن .. هەموو ئەمانە دیارن و باسەکە لەسیاقێکی ڕوون و دیارییکراودا دەچێتە پێشەوە و، وەک باوە و دەوترێت: "خەتێکی سووری بەرچاو بەناو هەموو جومگە و بڕگەکانی باسەکەدا دەڕوا و لێکیان هەڵدەپێکێت". دیاریشە ئارگیومێنتکردن لەسیاقێکی وادا بێتاقەتت ناکات، هەر هیچ نا لەبەر ئەوەی بابەتێکی تاک و کۆنکرێتت هەیە کە بە ئارگیومێنتکردنی تۆ و دژەئارگیومێنتکردنی بەرامبەر، لەنێوانتاندا دێت و دەچێت و بابەتی خیلافەکە لەحزە بە لەحزە دەچێتە پێشەوە. بەڵام هەرچی کاری مێتاجەدەلییانەیە، ئەوا تۆ کەسێکت هەیە کە دێت "دۆودۆشاوێکی" ئەفکاری جیاوازجیاواز و پڕ لە تەناقوزاتی شاراوە و پڕ لە قسەی موجەڕڕەدت لە "فۆرمێکی بێفۆرم"دا بۆ تێکەڵدەکات و ئینجا دەڵێ: *فەرموو وەرە جیایانکەرەوە! نەشیکەیت و نەیەیتە ژێرباری ئەوەی ڕۆحی خۆت دەربێنیت لەشیکردنەوە و کەشفکردنی فەزاحەتەکانی ناو ئەو تێکەوڵێکە فیکرییەی من لە هەندێک ئەفکاری سەتحیی دروستمکردووە، ئەوا من "بردمەوە" و تۆ "بەزیت"*. لە حیرەیەکی وادا یان دەبێت بڕیار بدەیت ملی پێوە بنێیت، بەو هیوایەی ئەم تەحەددییەش کە لەبەردەم دەستپێکردنی جەدەلی حەقیقییدا وەستاوە تەجاوز بکەیت و کرۆکی باسەکە و کۆی خوێنەر و تەرەفی بەرامبەریش بەدوای خۆتدا بکێشیتەوە ناو قاڵبی ئەسڵیی باسەکە، یانیش ناچار لێدەگەڕێیت و بەسەربادانێکی نارازییانەوە واز لە هەموو بابەتەکە دێنیت و تەسلیمی ئەم سفرکردنەوەی جەدەلە دەبیت.

هەر کامیان بکەیت هیچ لەو واقیعە ناگۆڕێت کە سەتحییەت و مەحدودیی توانا و، موعالەجەکردنی نائەکادیمیانەی بابەتەکان لەلایەن ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئێمەوە و، ئەو نووسین و "لێکۆڵینەوە" مەمسوخ و بێسەروبەرانەی دەیاندەنە دەرەوە، کاتێک ئەمە لەگەڵ ئەو یارییانەی بۆ خۆتێپەڕاندن بەسەر خوێنەردا دەیانکەن لەلایەک و، لەگەڵ ئاستی هۆشیاریی مەحدودی خوێنەری ئێمە لەلایەکی ترەوە، یەکدەگرێتەوە، کارێکی وا دەکات ناچار بین بەوە ڕازی بین کە تا دەورانێکی تریش لەبری "جەدەلی فیکریی" دەستوپەنجە لەگەڵ جۆرێک لە "دەجەلی فیکریی"دا نەرم بکەین.

ئۆسلۆ – حوزەیرانی ٢٠٠٧
sirwanebdul@yahoo.com